


شنیار نەجم

یاریزانی فوتساڵی یانەی هەڵەبجەی شەهید:

# پێویستە لەهەموو ناوچەکانی کوردستان هۆڵی تایبەت بۆ کچان بکەنەوە



تیپی فوتساڵی یانەی هەڵەبجە یەکێك لەو تیپانەی کە گرنگی بە یارییەکانی کچان دەدەن لە دەڤەرەکەیان، یانەکەش بە ئامانجی پێشخستنی ئاستی یاری فوتساڵ لە سنوری هەڵەبجە تیپێکی تۆکمەی پڕ لە یاریزانی بەتوانای لە یانەکە کۆکردۆتەوە بۆ ئەوەی لە داهاتوودا بتوانێ بەم کچە یاریزانانە کێبڕکێ لەسەر ئەنجامی شایستە بکات لە خولی فوتساڵی کوردستان، یەکێك لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یانەکە کچە یاریزان شنیار نەجم ە ناوبراو لەدایك بووی ساڵی ١٩٩٧ی شاری هەڵەبجەیە و قوتابی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشیە لە زانکۆی هەڵەبجە ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کرد ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی

*** بە شێوەیەکی گشتی ئاستی یاری فوتساڵ چۆن دەبینی لە کوردستان، ئایا پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیوە؟**

-ئاستی یاری فوتساڵ لە کوردستان لە ئاستێکی مام ناوەند دەبینم هۆکاریش زۆرن بۆ ئەمە یەکێك لە هۆکارەکان هیچ گرنگی بەم وەرزشە نەدراوە لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی کوردستان و نوێنەرایەتی لیژنەی ئۆلۆمپی و لقەکانی سەرجەم شارەکان تەنها لەم چەند ساڵەی دوایدا ساڵانە یەکێتی تۆپی پێی هەڵدەستێت بە کردنەوەی خولی ساڵانە بۆ یانەکان، یەکێکی تریش لە هۆکارەکانی خەم ساردی یانەکان بۆ ئەم جۆرە یارییە کە بە پێی پێویست نەیانتوانیوە بڕەوی





پێ بدەن، تایبەت بە کچانیش لایەنی کۆمەڵایەتی بەداخەوە زۆربەی خێزانەکان رێگرن لەوەی منداڵەکانیان لە چالاکیە وەرزشیەکان بەشداری بکەن.

*** ئەنجامدانی پاڵەوانیەتی کەم تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوو پێش نەچێت؟**

- بە دڵنیاییەوە کردنەوەی خولەکان یەکێکە لەو هۆکارانەی ئەم یارییە بەرەووپێشبڕوات یاریزانێکی زۆر بەتوانن رووبکەنە ئەم یارییە، بەڵام بەداخەوە بە درێژایی ساڵ تەنها یەك خول دەکرێتەوە، ئەویش نابێتە هۆی ئەوەی بتوانیت ئاستی راستەقینەی خۆی دەربخەیت، وە کەمی تیپەکان هۆکارێکە بۆ ئەوەی نەتوانن ساڵانە خولی جیاواز بکرێتەوە ئەگەر بەنموونەش بیهێننەوە لە سنوری پارێزگای هەڵەبجەو سلێمانی تەنها دوو تیپی فوتساڵی کچان هەیە ئەویش کچانی هەڵەبجە و کچانی ئەفرۆدێتە.

***پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی یاری فوستاڵی کچان بەرەوو پێش بچێت لە یانەکان و شارەکانی کوردستان؟**

-پێش هەموو شتێك کەسانی پسپۆر و وەرزشی بێنە پێشەوە بەتایبەت لە رەگەزی مێ بۆ ئەوەی بتوانێت کۆمەڵێك کەسی هاورەگەزی خۆی بێنێتە پێشەوە بۆ ئەو کارو چاڵاکیەکان پاشن یانەکان پاڵپشتی بەهێزی ئەم جۆرە چالاکیە بن لە دابین کردنی هۆڵ و پێداویستی وەرزشی بۆ ئەوەی بتوانن زۆرێك لە یاریزانەکان حەز بەم جۆرە وەرزشە بکەن.

***گرفتی یارییەکانی فوتساڵ لە چی دەبینی زیاتر ؟**

-نەبوونی یاریزان وەکو پێویست یەکێك لە گرفتە سەرەکیەکانی ئەم وەرزشە، پاشان نەبوونی کەسانی پسپۆر بە تایبەت راهێنەر وە نەبوونی هۆڵ بۆ سەرجەم پێداویستیەکان کە لە سەرەوە ئاماژەم پێکردووە.

***لە هیچ یانەیەك گرێبەستت پێشکەش نەکراوە؟**

-تاکو ئێستا نەخێر تەنیا لە هەڵەبجە بەردەوامم لە یاری کردن، گرێبەست پێشکەش کردن پەیوەستە بە کردنەوەی خولەکان بۆ ئەوەی بتوانێت ئاستی راستەقینەی خۆت پێشکەش بکەین، بەڵام تا ئێستا ئەو هەلەم بۆ نەرەخساوە.

*** بەنیازی چی بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە یاریزانێك؟**

-تا بتوانم ئاستم جێگیر بێت و بەردەوام دەبم لە یاری کردن پاشان وەك زۆربەی یاریزانان دوای ئەوە ببمە راهێنەر و بتوانم خزمەتێکی گەورە بە کچانی شارەکەم بکەم.

*** لەگەڵ ئەوەی یانەکان پشت بە ڕاهێنەر و یاریزانی بیانی ببەستن لە یانەکانی کوردستان؟**

-لە هەموو جیهان وایە بوونی یاریزانی بیانی و راهێنەر سوودی لێ وەردەگیرێ هەم بۆ یاریزانان لە رووی تەکنیکەوە هەم خولەکان گەرم و گوڕی زیاتری پێوە دیار دەبێ، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەینێت یاریزانی خۆت پشتگوێ بخەیت بە پێی پێویست بتوانێت سودیان لێ وەربگرێت.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی؟**

-پێشنیار دەکەم یانەکان و بەرپرسانی وەرزشی زیاتر خزمەتی ئەم وەرزشە بکەن بە درووست کردنی تیپ و دانانی کەسانی پسپۆڕ لەم بوارەدا پاشان دابین کردنی هۆڵ و پێداویستیەکان بۆ کاتی مەشقەکان و کردنەوەی چەندین خول لە ساڵێکدا بۆ ئەوەی یانەکان بتوانن بۆ خولە فەرمیەکان خۆیان ئامادە بکەن.

*** خەونی وەرزشیت چیە وەکو یاریزانێك؟**

-تاکە خەونی من ئەوەیە بتوانم ئەم ماوەیە ئاستێکی باش پێشکەش بکەم یانەی هەڵەبجەش ببێتە پاڵەوانی کوردستان، دوای ئەوەش ببمە راهێنەرێکی نموونەیی بتوانم خزمەتی وەرزش بکەم لە داهاتوو.

*** بەهیوای ئەوەنیت هەڵبژاردەی کوردستان دابمەزرێ و تۆش یەکێك بیت لە یاریزانانی هەڵبژاردەکە؟**

-بەڵێ بەدڵنیاییەوە هیوادارم هەڵبژاردەی کوردستان درووست بکرێت پێم وابێت شتێکی گران نییە ئاواتم ئەوەیە بتوانم یەکێك بم لە یاریزانەکانی و بەشداربین لە خولەکانی دەرەوەی وڵات.

*** بەچ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت؟**

-محەممەد سەلاح یاریزانی یانەی لیڤەرپوول و هەڵبژاردەی میسر.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ خێزانەکەم کە هەمیشە پاڵپشت بوون و سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان کە بەردەوام دەرفەت بە وەرزشکاران دەدەن بۆ خستە رووی کەم و کوڕییەکان.



## نهێنی گریانی ناوبژیوانێک ئـ

ناوبژیوانی یارییەکەی نێوان ئەڵمانیا و هۆڵەندا دوای تەواوبوونی یارییەکە راستەوخۆ دەستی بە گریان کرد و نهێنی گریانەکەشی بۆ ڤان دایك بەرگریکاری هەڵبژاردەی هۆڵەندا ئاشکرا کرد.
ئالین هاتیجان هەفتەی رابردوو لە خولی نەتەوەکانی ئەوروپا یاری نێوان ئەڵمانیا و



## رۆبن هاندەرانی بایەرن میونیخ بێهیوا دەکات

ئاریان رۆبن یاریزانی هۆڵەندی یانەی بایرن میونیخی ئەڵمانیا زۆر بە راشکاوانە دەڵێت، کە ئەوان نابێت ئەمساڵ چاوەڕێی بەدەستهێنانی هیچ نازناوێک بکەن، چونکە ئەنجامەکانی تا ئەم کاتە بەڵگەن، کە ئێمە توانای بەدەست هێنانی هیچ نازناوێکمان نییە.

ئاریان رۆبن لە لێدوانێکیدا بەم شێوەیەی خوارەوە باسی لە دۆخی یانەکەی کرد و گوتی:ئەمساڵ مافی ئەوەمان نییە باس لە بەدەستهێنانی نازناوی خولی ئەڵمانیا بکەین، دەمەوێت زۆر بە روونی بە هاندەرەکانمان بڵێم، کە ئەستەمە ئەم وەرزە بتوانین رکابەری لەسەر بەدەستهێنانی نازناوەکان بکەین، ئێمە لە دڵەوە پێمان ناخۆشە، کە وەرزێک بە بێ نازناو بەرێبکەین، بەڵام ئەنجامەکانمان گەواهی ئەوە دەدەن، کە ناتوانین رکابەری بکەین هیواداریشم ئەم قسانەی من پێچەوانە بن و لە داهاتوویەکی نزیکدا بگەڕێینەوە سەر ئاستی راستەقینەی خۆمان.

تەواوی یاریزانانی ئێمە بەڵێنیانداوە، کە تا کۆتا یاری لەسەر رکابەریکردن بەردەوام بن و هیواداریشین کە بتوانین دڵی هاندەرەکانمان خۆش بکەین.

## ـــــاشكرا دەبێت

هۆڵەنداى بەڕێوە برد، يارييەكەش بە ٢ گۆڵ بۆ هەردوولا تەواو بوو، راستەوخۆ لەگەڵ فيكەى تەواوبوونى يارييەكە ناوبژيوان دەستى بە گريان كرد، وەك لە زوومى كاميران دەركەوتووە ڤان دايك دەچێتە لاى و دڵنەوايى دەداتەوە.
ڤان دايك لە لێدوانێكدا بۆ ميدياكان ئاشكراى كرد، ئالين هاتيجانى ناوبژيوانى يارييەكە بەهۆى مردنى دايكى گرياوە.
ڤان دايك دەشڵێت: ناوبژيوانى يارييەكە پێى گوتم، كە پێش يارييەكە دايكم كۆچى دوايى كردووە، بەڵام بەداخەوە بەهۆى هەستيارى و گەورەيى ئەم يارييە نەمتوانى لە پرسەكەى ئامادەبم، ئێستاش هيچ وشەيەكم نييە بۆ ئەوەى خەمناكى و هەستى خۆمى پێ دەرببڕم.
ئالين هاتيجان ناوبژيوانى رۆمانى تەمەن ٣٨ساڵ، لەوەتەى ساڵى ٢٠٠٨ـەوە بۆتە ناوبژيوانى نێودەوڵەتى.





# ياريزانێكى پاريس سانت جێرمان دەچێتە خولى ئيسپانى

سەرچاوەيەكى راگەياندنى ئيسپانيا ئاشكراى كرد، كە ئادريان رابيۆت بڕيارى كۆتايى داوە و لە هاوينى ئەمساڵدا پەيوەندى بە يانەى بەرشلۆنە دەكات.
رۆژنامەى موندۆ ديپۆرتيڤۆى كەتەلۆنيا ئاماژەى بۆ ئەوە كردووە ئەدريان رابيۆت رازيبوونى خۆى بۆ پۆشينى درێسى بەرشلۆنە دەربڕيوە و بەرپرسانى يانە كەتەلۆنياييەكەشى ئاگادار كردۆتەوە.
سەرچاوەكە هێماى بۆ ئەوەش كردووە، بەرپرسانى پاريس سانجێرمان لە هەوڵەكانيان بۆ مانەوەى رابيۆت بەردەوامن، بەڵام رابيۆت نوێكردنەوەى گرێبەستەكەى لەگەڵ يانەى فەرنسيەكە رەتكردۆتەوە.
بە گوێرەى هەمان سەرچاوە، ئيريك ئەبيدال سكرتێرى ئێستاى بەرشلۆنە بەهاوبەشى لەگەڵ پێپ سێگويراى بەڕێوەبەرى تۆپى پێى بەرشلۆنە قسەيان لەگەڵ دايكى رابيۆت كردووە و رێككەوتوون.
ئەدريان رابيۆت تەمەن ٢٣ ساڵ، لە يانەى پاريس سانجێرمان پێگەيشتووە و لە هاوينى ئەمساڵدا گرێبەستەكەى لەگەڵ يانەكە تەواو دەبێت، رابيۆت لە ١٦١ يارى، ١٤ گۆڵ و ١٤ ئاسيستى بۆ پاريس سانجێرمان كردووە.

# چەندین یانە داوای گرێبەست لە گۆڵکارەکەی یانەی ئاکرێ دەکەن

سالانە چەندین یاریزانی بەتوانا لە خولەکانی کوردستان بە دەیار دەکەون کە رۆڵێکی کاریگەر دەبینن لەگەڵ یانەکانیان، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی وەرزی رابردووش کە توانی چەندین گۆڵ لەم خولە تۆمار بکات، ئامانج ئەکرەمی هێرشبەری یانەی هەندرێن بوو، ئەمساڵیش بە پێی گرێبەستێك رووی لە یانەی ئاکرێ کردووە و لە دەستپێکی خولەکەش ئاستێکی بەرزی پێشکەش کردووەو چەندین گۆڵی تۆمار کردووە. چەندین یانە داوای گرێبەستیان لێ کردبوو، لەم بارەشەوە ئامانج ئەکرەم بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئەمساڵ بە فەرمی گرێبەستم لەگەڵ یانەی ئاکرێ مۆر کردووە بۆ ئەوەی تەنیا لە خولی کوردستان یاری بۆ ئەو یانەیە بکەم.» گوتیشی: «ماوەی زیاتر لە شەش ساڵ یاریم بۆ یانەی هەندرێن کرد بە رێککەوتنی هەردوولامان دەستبەرداریم لەو یانەیە وەرگرت، جگە لە یانەی ئاکرێیش هەریەك لە یانەکانی پێشمەرگەی هەولێر و ئارارات و زێرەڤانی و چەندین یانەی دیکە داوای گرێبەستیان لێم کردبوو، بەڵام من یانەی ئاکرێم هەڵبژاردو لەگەڵ ئەوان گەیشتمە رێککەوتن، ئێستاش لەو یانەیە زۆر ئاسوودەم و دەمەوێ لە یارییەکانی داهاتووی خولی کوردستان ئاستی باشتر و گۆڵی زیاتر تۆمار بکەم، لەم خولە تاکو ئێستا سێ گۆڵم هەیە، بەڵام هەوڵی من ئەوەیە ببمە ئەستێرەی تیپەکەم و ئاستی بەرزتر پێشکەش بکەم.» لە بارەی خولی عێراقیش گوتی: «تاکو ئێستا هیچ یانەیەك پێ نەگوتووم، بەڵام توانای ئەوەم هەیە لەم خولە گەورەش خۆم تاقی بکەمەوە، خولی کوردستانیش ئەمساڵ خولێکی بەهێزە و یانەکان هەموو لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە لە خولەکە رکابەریی یەکتری دەکەن.»





# شێروانە راهێنەرێکی نوێ دەستنیشان دەکات

تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشی شێروانە دوای ئەوەی ئەمساڵ بە فەرمی گرێبەستی لەگەڵ سەردارمەجیدی راهێنەری پێشووی یانەی دەربەندیخان مۆرکرد بۆ سەرپەرشتیکردنی مەشقی یانەکە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان، بەڵام دوای تێپەڕبوونی پێنج هەفتە لەسەر یارییەکانی خولەکە یانەکە تەنیا خاوەنی یەك خاڵ بوو کە لە دوایین پلەکانی ریزبەندی یانەکاندا ناوی هاتبوو، لە کۆی پێنج یاری تەنیا یەك یەکسانبوونی هەبوو، بەهۆی پێویست نەبوونی ئەنجامەکانیش سەردار مەجید راهێنەری یانەکە دەستی لە کار کێشایەوەو هۆکاری دەست لەکارکێشانەوەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە یانەی شێروانە داوای مانەوە لە خولەکە و پێگەیاندنی یاریزانانیان لێ کردووە، بەڵام دواتر کارگێڕی یانەکە ئامانجەکەی گۆڕیوە و ئەو یاریزانە لاوانەش ئەنجامیان نەبووە، بۆیە دەست لە کارکێشانەوەی راگەیاند، کارگێڕی یانەی شێروانەش لە شوێنی راهێنەری پێشوو وەلید محەممەد راهێنەری پێشووی گازی باکووری بە راهێنەری تیپەکە دەستنیشان کرد بۆ سەرپەرشتیکردنی مەشقی یانەکە لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان و بە هێنانەوەی هەردوو یاریزانان (محەممە دسابیر و عەلی کاکەمیە) بۆ ریزی یانەکە دەیانەوێ لە یارییەکانی داهاتوو بتوانن ئەنجامی باشتر پێشکەش بکەن و ئاستی تیپەکەش ببنە قۆناخێکی بەرزتر لە خولە گەورەکەی کوردستان و دڵی هاندەرانیان خۆش بکەنەوە بە دووبارە ئاشتکردنەوەی هاندەرانیان بە سەرکەوتنەکان و گەڕانەوەی یانەکە بۆ نێو رکابەرییەکان.»



# دلۆڤان مەهدی لەگەڵ یانەی نەفتی وەست ئاسودەیە

لەگەڵ دەستپێکی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی عێراقی یانەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراقی دەکەونە خۆیان بۆ ئەوەی زۆرترین یاریزانان لە خۆیان کۆبکەنەوە، یاریزانە کوردەکانی یانەکانی کوردستانیش بەردەوام چاویان لەسەرە بۆ ئەوەی لەلایەن یانەکان بگوازرێنەوە. دلۆڤان مەهدی گۆڵپارێزی پێشووی یانەی زاخۆ ئەمساڵیش لەگەڵ یانەکانی باشووری عێراق گەیشتە ڕێککەوتن بۆ ئەوەی لە خولی نایابی عێراقی درێژە بە یاریکردن بدات، لەم بارەشەوە دلۆڤان مەهدی بۆ گۆڤاری گولان گوتی: «ئەمساڵیش درێژەم بە یاریکردن دا لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی، دوای چەندین گفتوگۆ توانیم لەگەڵ یانەی نەفتی وەست بگەینە ڕێککەوتن بۆ بەرگریکردن لە تۆڕی گۆڵی ئەو یانەیە، جگە لە یانەی نەفتی وەست، یانەی تەلەبە و چەند یانەیەکی تریش داوای یاریکردنیان لێم کردبوو، بەڵام بۆ من یانەی نەفتی وەست لە تیپەکانی دیکە باشتر بوو، بۆیە ئەو یانەیەم هەڵبژارد.» گوتیشی: «ئەمساڵیش هەموو توانایەکم دەخەمە گەڕ بۆ ئەوەی بتوانم باشترین ئاست پێشکەش بکەم لەگەڵ یانەی نەفتی وەست، ئەو یانەیەش یەکێکە لە یانە باشەکانی عێراق و ئێمەش وەکو یاریزانی کورد کە لەوێین زۆر ڕێزمان دەگرن و هیچ گرفتێکمان نییە، هیواشم ئەوەیە بەردەوام گرنگی بە ئاست و توانای خۆم بدەم و بگەمە ئاستێکی بەرز».